گمەی غەریبی

بۆ (حەسەن)ی

ئەکتەر و هاوڕێ لە دوور وڵاتەوە

وام لە دڵتا .. بۆ چ ئاسمانێ هەڵمدەگری

بۆ ئەم دارستانە جێدێڵی..؟

بۆ کوێ دەفڕی هۆ کۆترە باریکەی حەزم؟

زۆر دوور مەفڕە ..

نەبا هێلانەی ئەم دارستانەت بیرچێتەوە !

تاکەی تاوێ ناسرەویت و .. باڵا لێکدەدەی؟

ڕوو لە کام دارستان دەکەی ..؟

کۆچی ئەبەدیت .. نەبڕایەوە

چ ڕەشەبایەك هەڵیگرتووی ؟

دارستان نەما .. هێلانەی تۆی تیا نەبێ

ئاسمان نەما .. چریکەی تۆی نەبیستبێ

دەنیشیت و .. دەنووك لە خۆڵی خەم وەردەدەی

هەڵدەفڕیت و .. سەیری ئاسمانی پڕ تەم دەکەی

منیش ئەوەتام لە دڵتام .. !

گوێم لە گمەی غەریبیتە

بۆیە هەر چوار وەرزی من زستانە..

لە ئاسمانی دیدەی تاریکما هەمیشە فرمێسك بارانە

دە بەس گمەی غەریبیت بێ .. من لە دڵتا توامەوە

تا تۆ ئاوا چریکەت بێ .. من لە گریان ژیر نابمەوە

بۆ کوی دەفڕی .. خۆ ئاسمان بێ کۆتاییە

هەرچی حەزی دونیا هەیە

لە دەریای شیعرێ نەخواتەوە.. یا مەرگە یا جوداییە ..!

هیچ مەلێك بە تەنیا .. ئاسمانی کۆچێکی نەبڕیوە

چ کۆستێ وا تەرەی کردووی ..سەرسەختی وەك تۆم نەدیوە

پەڕ و باڵەکانت هەڵوەرین ..

بەس بەرەو بەرزایی هەڵفڕە ..

چ بێباکی ... چۆن ناترسی ..؟

لە هەموو ئاسمانێ .. هەڵۆی برسی گەلێ زۆرە!

لە چی دەگەڕێی.. بۆ وا وێڵی ..؟

ئەو دارستانەی تۆ دەتەوێ

چیتر مەفڕە .. دەست ناکەوێ

هەموو دارستانێکی گەورەی دونیا .. لێرە و .. لەوێ

دێوی پایز پەی پێدەبا و .. گەڵا و گوڵی دەوەرێنێ

لق و پۆپی تێك دەشکێنێ

ڕەشەبای شێت و هاریشی

هەزاران هێلانەی نێو دارستان دەڕمێنێ..!

هەزارەها هێلکەی جوانی مەلی ڕەنگین ..

وەك گلێنە و ئاوی چاومان.. بەسەر ئەم خاکەدا دەڕژێنێ..!

دە بەس گمەی غەریبیت بێ ..

هەر شوێنێ دارستانێکی بێ

پایزی شووم بەو دەست و پەنجە زەردانەی

سەر و پرچی بۆ دادێنێ لێی ڕادەکشێ و ..

بە ماچی ئەو عیشقە شێتەی دەیشەمزێنێ

تا دارستانی شۆخ ڕووت دەکاتەوە ..

لێی تێر دەبێ و .. پێی مەست دەبێ و ..

ئەوسا دەڕواو .. هێدی هێدی بەجێیدێڵێ

ئاوڕێ لەو مەرگەساتە ناداتەوە.. تا ببینێ ..

گەڵای زەردی سیس و ڕژاو

هێلکەی شکاو ..

هەزاران هێلانەی داڕووخاو

چەندە بێناز ئاوا کەوتوون

N

وام لە دڵتا .. ئاخر بۆچی گوێم لێ ناگری

دە بەس گمەی غەریبیت بێ ..

دە بەس بگری.. تا ماوی باڵا لێك دەدەی

تا دارستانێکی دوورە پایز .. وەدی دەکەی

ئەوسا لەسەر درەختێکی هەمیشە سەوز .. هەڵدەنیشیت ..

دەڵێی "ئۆخەی!" ؟!

دە بەس بفڕە .. هاکا لە فڕین کەوتیت

وەك گەڵای زەردی پایز .. سووك هەڵوەریت

بۆ کوێ دەفڕی ؟ بۆ چ ئاسمانێ هەڵمدەگری؟

بۆ کێ .. بۆ کوێ.. پایزی ئەم دارستانە جێدێڵی ؟

ئای کە بێ دەربەستی ..

چەند سەرسەختی

دەزانم .. چ شەیدایەکی گەورەی ئاسمانی سەربەستی

وام لە دڵتا ..

بگەڕێوە .. هۆ کۆترە باریکەی حەزم

من عاشقی دارستانێکی .. بەر ڕەشەبای پایزم

دە بەس گمەی غەریبیت بێ

من لە دڵتا توامەوە

تا تۆ ئاوا چریکەت بێ

من لە گریان ژیر نابمەوە !

1983/9/8

سلێمانی